dengekan
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.10.11 23:11:25 -06'00'
Signature Valid

# ڕازێکی پیرۆز

حەمەسەعید حەسەن

دەزانی من چەن شەیدای تۆم؟
هێندەی ئەگەر مەل بوومایە
لە نێو قژتا
هێلانەم چێ دەکرد بۆ خۆم.
ئەگەر پەپوولە بوومایە
پەنجەیەکتم دەکردە مۆم،
تا دەسووتام
لە دەوری تیشکی دەگەڕام.
لاولاو بووایەم
بە بالآتا هەڵدەزنام،
شەنگەدرەختێ بوومایە
سێبەرم هەر بۆ تۆ دەکرد،
پاشای جیهانیش بوومایە
من کورنووشم بۆ تۆ دەبرد.
بەفر بووایەم
هەر بەسەر شاخی گەردنی
بڵندی تۆدا دەباریم،
شەماڵ بووایەم
قژی خاوی تۆم دەکردە
هاوڕێی هەمیشەیی یاریم.
باران بووایەم
هەر تۆم بە کێڵگە دەزانی،
چاو بوومایە
تاکوو لێلآییم دادەهات
هەر بۆ جوانی تۆم دەڕوانی.

من نازانم
پەنجەم لەبەر تاقگەی قژتا
بنوێ خۆشە
یا خەرمانەی دەوری مانگی مەمکۆڵەت بێ؟
من نازانم
کۆرپەی دڵم
لە ئامێزی نەرموشلتا
ئێشکگر بێ،
یا هەر تینووی
ئەو سنگە توندوتۆڵەت بێ؟
من نازانم
کە گەلآی ژینم دەوەرێ
باسکم لە قەدت ئالآبێ
خۆشترە یا لە گەردنت؟
بەلآم لەوە بێ گومانم
خۆشە مەرگم بکەوێتە پێش مردنت.